

# (شار) و (میتاشار)

## لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)ی کاروان عومەر کاکە سوور و دوارۆژ کاروان کاکەسووردا



ئارام سدیق

### سەرەتا

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە تا ئێستا وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، چەمکی «شار»ە لە تێکستی گێڕانەوەی کوردیدا. ئەگەرچی ئەم چەمکە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی دەقی گێڕانەوەییدا، بەو پێیەی (چیرۆک و ڕۆمان) بەرهەمی شارن. بۆیە زۆرجار گرێدراوی کێشە و ڕووداوە



سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی شارن و ئەو تێمایانەی کە دەبنە هەوێنی نووسینی دەقێکی گێڕانەوەیی، بەرهەمی شارن. لام وایە پاش نزیکبوونەوەی سەدەیەک بەسەر نووسین و بڵاوبوونەوەی یەکەم تێکستی گێڕانەوەیی کوردیدا (یەکەم چیرۆکی کوردی) چیتر پێویستمان بەوەیە هەڵوەستە لەسەر ئەم چەمکە گرنگەی پەیوەست بە دنیای گێڕانەوەوە بکەین و بزانین نووسەران چۆن ئەم چەمکەیان لەنێو تێکستەکانیاندا تەوزیف کردووە، یان ئەو جیاوازییانە چین لە بەکاربردنی چەمکی شارە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و نیوەی دووەمیدا هەستی پێ دەکرێت؟ بێگومان دەکرێت بەدوای زۆر لایەن و بواری تری ئەم چەمکە لەنێو دەقی گێڕانەوەیی کوردیدا بگەڕێین.

(عەبدولڕەحمان مونیف) لە باسکردنی وێنەی «شار»دا لە رۆمانی عەرەبیدا، ددان بەوەدا دەنێت کە هێشتا لێڵ و تەمومژاوییە، چونکە تێکەڵەیەکە لە گوند و هەڵویستی رەتکردنەوە و نە جومگە راستەقینەکانی و نە ئەو دیاردانەی ئەدگارە بنەڕەتییەکانی دروست دەکەن. لێرەدا مەبەستمە ئەگەر ئەمە وێنەی (شار) بێت لە رۆمانی عەرەبیدا، کە خاوەنی مێژوویەکی درێژترە لە رۆمانی کوردی و خاوەنی خەڵاتی (نۆبڵ)ێکی ئەدەبە، دەبێت وێنەی (شار) لە رۆمانی کوردیدا لە چ ئاستێکدا بێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە تا ڕادەیەک ئەستەمە لەم نووسینەدا بدۆزرێتەوە. بەو پێیەی ئەوە باسێکی تایبەت و تێروتەسەلی دەوێت و پێویستیش بەوە دەکات (لێکۆڵەر) سەرجەم رۆمانەکان، یان لانی کەم زۆربەیانی خوێندبێتەوە، کە من ئەمەم تا ئێستا بۆ نەڕەخساوە. بۆیە ئەم نووسینە لە لایەنێکی بچووکی ئەم بابەتە گرنگە دەدوێت و ئاوڕ لە بەکاربردنی چەمکی (شار) لای یەکێک لە چیرۆکنووسەکانی دوای راپەڕین دەداتەوە و تەنها قسە لەسەر یەک بەرهەمی ئەو نووسەرەش دەکات. بەگشتی ئەم نووسینە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر یەکێک لەو شتانەی تا ڕادەیەک لەنێو نووسینەکانی کارواندا شاراوەیە، یان قسەی لەسەر نەکراوە، ئەویش چەمکی (شار)ە لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا و بەتایبەت لە رۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)دا، پێویستی بەوەیە بخرێتە بەر باس و شیکردنەوە. هەر بۆیە نووسینەکەم بۆ قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە و هاوکات قسەکردنێکی کورتیش لەسەر ئەزموونی چیرۆکنووسیی کاروان تەرخان کردووە. دەبێت ئەوەش بڵێم، کاروان ئەم رۆمانەی بە هاوبەشی لەگەڵ (دوارۆژ)ی کوڕیدا نووسیوە.

## کاروان لە رابردوو و ئێستادا

یەکێک لەو شتانەی دەتوانرێت تێکستەکانی کاروانی پێ بناسرێتەوە، کارکردنییەتی لە نێو یادەوەریدا. بەشێوەیەک بەشێکی هەرە زۆری رۆمان و چیرۆکەکانی لەسەر یادەوەری بونیادنراوە. ئەمە بێجگە لە کتێبی (منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد)، کە ئەم کتێبەش تەرخانە بۆ گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی منداڵیی ئەم نووسەرە. رەنگە ئەگەر کاروان ئەم کتێبەی نەنووسیایە، تەواوی ئەو رووداوانەی لەو کتێبەدا بوونیان هەیە بە جۆری تر لە بەرهەمەکانی نووسەردا رەنگدانەوەی هەبوایە.

کاروان توانیی لەگەڵ هەریەک لە (عەتا محەمەد،

# یەکێك لەو شتانەی دەتوانرێت تێکستەکانی کاروانی پێ بناسرێتەوە، کارکردنییەتی لە نێو یادەوەریدا

ئارام کاکەی فەلاح و عەتا نەهایی) و چەند چیرۆکنووسێکی تردا، وەکو دەنگێکی دوای راپەڕینی چیرۆکی کوردی دەربکەوێت و ببێتە خاوەنی ئەزموونی چیرۆکنووسیی تایبەت بە خۆی، کە زیادەڕەوی نییە بڵێین بەبێ بوونی ناوی کاروان چیرۆکەکانی دەناسرێنەوە، واتە لێرەوە دەتوانین بڵێین کاروان توانیی لە رابردوو و ئێستاشدا ئامادەیی هەبێت لەنێو دنیای گێڕانەوەی کوردیدا، بەڵام پرسیاری سەرەکیی من وەکو خوێنەرێکی کاروان لە ئێستا تەنها لە رابردوو ئێستادا کورت نابێتەوە، بەڵکو ئایندەی ئەزموونی نووسینی کاروانە. ئایا ئەو ئایندەیە درێژکراوەی ئەو «رابردوو و ئێستا»یە دەبێت، یان کاروان چیی تری لە هەگبەدایە بۆ خوێنەرانی بخاتەڕوو؟. بێگومان مەبەست لە (چیی تری لە هەگبەدایە) ئەو خاڵەیە، کە کاروان توانیی ئەزموونێک لەگەڵ دەقی گێڕانەوەییدا پێشکەش بکات و تا رادەیەکیش ئەزموونێکی تایبەتمەند و سەرکەوتووبێت (لەگەڵ ئەوەی تێبینیشی لەسەرە).
بەڵام ئەم ئەزموونە لای کاروان جێی خۆی گرت و من لام وایە ئەگەر کاروان هەر لەسەر یادەوەرییەکانی بژی و تێکستەکانی داهاتووی بە هەمان نەفەس و کارکردنەوە بخاتە بەردەم خوێنەر، ئەوا جاڕی مەرگی خۆی دەدات. بۆیە ئەگەر هەگبەکەی کاروان هەر دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە بێت، کە لە پێشتردا بینراون، داهاتوویەک بۆ ئەم چیرۆکنووسە نابینرێت، چونکە خوێنەر بەردەوام بەدوای ئەزموونی تازەی چیرۆکنووسەوەیە.
رەنگە لێرەدا پێویست بێت نموونەیەک باس بکەم. (ئۆرهان پاموک) لەو نووسەرانەیە کە خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا، کە دوای وەرگرتنی نۆبڵەکەی بەرچاوم کەوت دەڵێت: نامەوێت بە هەمان شێوەی گێڕانەوە لە دوو کاری رۆمانمدا کار بکەم و شێوازی گێڕانەوە و کارکردنی هەموو رۆمانەکانم لە یەکتری جیایە. بێگومان بەردەوام نەبوونی پامۆک لەسەر یەک شێوازی گێڕانەوە، بەشێکی پەیوەندیی بە خۆدووبارە نەکردووەیە لەو شێوازانەی پێی دەگێڕێتەوە، هەربۆیە نابینین شێوازی گێڕانەوەی رۆمانی (قەڵای سپی) لە (بەفر) بچێت، یان (مۆزەخانەی پاکیزەیی) لە (ناوی من سوورە) بچێت. بۆیە (کاروان)ی ئایندە ئەوکاتە لای خوێنەر بەردەوامی بەخۆی دەدات، کە لە رابردوو و ئێستا نەچێت، بەڵکو (کاروان)ێک بێت بە ئەزموونێکی نوێوە و حیکایەتی تازە و دنیای تازە لە نێو گێڕانەوەی کوردیدا بخولقێنێت.
خاڵێکی تر دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم، نووسینی (دوو نووسەریی)یە. بەو پێیەی ئەم رۆمانە (مەبەست لە سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوەیە) ناوی دوو نووسەری هەڵگرتووە، کە (کاروان کاکە سوور) و (دوارۆژ)ی کوڕیەتی. من هەرگیز ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە ئەم تێکستە بەرئەنجامی بیرکردنەوەی دوو نووسەر بێت و لە خەیاڵدانی دوو مرۆڤەوە هاتبێتە دەرەوە. هەرچەند کاروان لە پێشەکییەکەیدا باس لەوە دەکات کە رۆمانەکە بیرۆکەی (دوارۆژ)ی کوڕیەتی. بەڵام ئاماژە بەوە ناکات ئایا ئەو دەستی لە نووسینیدا هەبووە یان نا؟ هەروەها ئەو بەشانە کامانەن کە بەرهەمی بیرکردنەوەی دوارۆژن؟ بەهەرحاڵ رەنگە ئەم پرسیارانە بەشێک لە نامەنتیقی تێدا بێت، بەڵام ئەم پرسیارانە لەوکاتەوە لام دروست بوو، کە هەست ناکرێت کۆی رۆمانەکە لە خەیاڵدانی دوو

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شار دەبینین سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ ژیانێکی کۆچەرییانە بووە و یەکەمین گروپێک کە لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێبوون، مردووەکان بوون و گۆڕستان یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونی ئینسان بووە. هەر بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ژیانی مرۆڤ شارەکان تەمەنێکی کورتیان هەیە



کەسەوە هاتبنە دەرەوە. هەروەها فەزای گێڕانەوە و دنیای تایبەتمەندی کاروان بەتەواوی بەسەر ئەم ڕۆمانەدا زاڵە. بۆیە هەست ناکرێت کەسێکی تر دەستی لە نەخشاندنی ڕووداوەکان و کاراکتەرسازی و چۆنێتیی گێڕانەوەکەدا هەبووبێت. هەروەها من بڕوام بەوە نییە دەقێکی گێڕانەوەیی وەکو ڕۆمان دوو کەس بتوانن بینووسن. دەکرێت کەسێک ڕووداوەکان بنووسیت، بەڵام لایەنی تەکنیکی و ڕێکخستنەکەی بە کەسێکی تر بسپێرێت. ئەم بڕوایەشم لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە نووسینی دەقی گێڕانەوەیی بە گشتی و ڕۆمان بەتایبەتی کارێکی فەردانەیە، نەک کارێکی پێکەوەیی.

## شار چییە؟

بۆ ئەوەی ئەم نووسینە کەمێک ڕۆچێتە نێو چەمکی (شار)ەوە، پێویستی بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی و هاوکات مێژووی پەیدابوونی شار، هەر لێرەوە دەکرێت لە هۆکاری دروستبوونی شارەکان بپرسین و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەشدا بگەڕێین. بێگومان کۆی ئەم شتانەی لێرەدا بەدوایدا دەگەڕێین پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕۆمانەکەی کاروان و دوارۆژەوە هەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شار دەبینین سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ ژیانێکی کۆچەرییانە بووە و یەکەمین گروپێک کە لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێبوون، مردووەکان بوون و گۆڕستان یەکەم شوێنی نیشتەجێبوونی ئینسان بووە. هەر بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ژیانی مرۆڤ شارەکان تەمەنێکی کورتیان هەیە و سەرەتاییترین شارەکانی جیهان نزیکەی (٥٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر دروست بوون.

هەروەها یەکەم ئەزموونی ئەندازیاریی مرۆڤ لە ئەشکەوتەکاندا دەرکەوتووە و هەر لەوێوەش خەیاڵەکانی مرۆڤ دەبێتە وێنە. هەندێک لە کۆمەڵناسانی شار، وەک رایزمەن دەڵێن، کە هۆکاری دەرکەوتنی شار نازانن، تاقمێکی تریش لەسەر ئەو باوەڕەن، کە دەرکەوتنی شار بەشێک بووە لە گەشەی کۆمەڵایەتی کە دوای ئەوەی مرۆڤ لە قۆناغی ئابووری ، ژیاری تێپەڕی و زیاتر دەست دەگرێت بەسەر سروشتدا و دروستکردنی شار ئامادە دەبێت، واتە توانای دروستکردنی سروشتی کۆمەڵایەتی دەگرێتە دەست. هەرچۆنێک بێت بۆ دەرکەوتنی شار مرۆڤ پێویستە قۆناغی سەرەتایی ململانێی مانەوەدا تێپەڕێت و گرێدراوی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕێژەیی کەم بووەتەوە. هەروەها بەشێک لە کۆمەڵناسان دروستبوونی یەکەمین شارەکان بۆ (٣٥٠٠) ساڵ پێش زایین دەگەڕێننەوە، کە لە میزۆپۆتامیا لە دۆڵە بەپیتەکانی دیجلەو فوراتدا و شارگەلێکی وەکو (کیش، ئوور، لاگاش، بابل، ئاشوور، سۆمەر و نەینەوا) دروست بوون. هەروەها دروستبوونی شارەکانی یۆنان و ڕۆم نوێترن و بۆ (٣٠٠-٤٠٠) ساڵ پێش زاین دەگەڕێنەوە.

پاش دروستبوونی شارەکان، ڕەنگە شیاوبێت بپرسین مرۆڤ بۆ شارەکانی دروستکرد؟ ئایا بەهۆی ئەوەوە بوو کە لە گوندەکاندا جێگەی نەدەبووەوە، یان بۆ ئەوەی چیتر لە شوێنێکدا ئارام بگرێت و لە ژیانی کۆچەری ڕزگاری بێت؟. یان فراوانبوونی بیرکردنەوە و چالاکییە عەقڵییەکانی دروستبوونی شارەکانی لێکەوتەوە.

بێگومان شار یەکەمین شوێنە کە ئەزموونە مرۆییەکانی تێدا کۆدەبێتەوە و نەوەکانی داهاتوو

# (شار) لە روانگەی یۆنانییەکانەوە باری سیاسی و مەعنەویی هەیە و پێناسەی ئەو مرۆڤانە دەردەچێت کە تێیدا ژیاون

دەتوانن سوودی لێ وەربگرن و هەندێکجار بەشێک لەو ئاکارانەیان دەگۆڕی و بەشێکی تریان پەرەی پێدەدرا، هەر بۆیە دەبینین یەکەمین شارەکانی جیهان لەو ناوچانەدا دروست بوون، کە نەک تەنها لە رووی جوگرافییەوە بە بایەخن، بەڵکو لە بواری هاتوچۆ و گواستنەوەشدا لەبارن. هەروەها شار بە پێچەوانەی گوندەکانەوە لە نەتەوەی جۆراوجۆر پێکهاتووە و یەکپارچەیی زەینی لاواز دەبێت و بەرە بەرە کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە شاردا دروست دەبن. بەگشتی هۆکاری دروستبوونی شارەکان جۆراوجۆرە و دەکرێت فراوانبوونی بیرکردنەوە و چالاکیی مرۆڤ و دروستبوونی عەقڵییەتی خۆبەڕێوەبردن و بیرکردنەوە لە دانانی سیستمێکی بەڕێوەبردن هۆکاری دروستبوونی شارەکان بووبێت. ئەمە بێجگە لە پەڕینەوەی مرۆڤ لە قۆناغی کۆچەرییەوە بۆ نیشتەجێبوونی لە ناوچەی جیا جیا و دیاریکراودا.

بێگومان قسەکردن لەسەر چەمکی (شار) یەکێکە لە پڕکێشەترین چەمکەکان، بەو پێیەی پەیوەستە بە تەفسیری کولتوورە جۆربەجۆرەکانەوە بۆ ئەم چەمکە. هەربۆیە (شار) وەکو چەمکێکی فرە رەهەند و فرە پێناسە دێتە ئەژمار، کە پێدەچێت ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بۆ پێناسەی ئەم چەمکە کۆمەڵناسان رای جیاوازیان هەیە و لە هەر قۆناغە و جۆرێک پێناسە خراوەتەڕوو. بۆ نموونە شارە سەرەتاییەکان هەڵگری جۆرێک لە پێناسەن، ئەویش لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە تەنها شوێنی جێگیربوونی مرۆڤەکان بووە بۆ دابینکردنی بژێوییە سەرەتاییەکان بۆ خۆیان و نەوەکانیان. هەروەها پێناسەی (دەوڵەتشار)ی یۆنان کە فۆرمێکی پێشکەوتووتری شار بووە هەڵگری پێناسەی ترە بەو پێیەی تاک تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی بیرکردنەوەی ئازادانەی خۆی بووە و سیستمێکی سیاسیی بەڕێوەبردنی هەبووە.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی شارەکان لە کۆنەوە هەیانبووە روویەکی سیاسی بووە. هەربۆیە شارەزایانی بواری مێژوو سەرەتای سەردەمی سیاسەتی شار دەگەڕێننەوە بۆ زەمانی (سۆلۆن)، کە یەکێک بووە لە حەوت حەکیمەکەی یۆنانی کۆن و لە کۆتایی سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوە. لەو سەردەمەدا خولگەی سیاسەت و میحوەری سەرنج لە ئەندێشەی سیاسیدا شتێک بووە پێی وتراوە (شار)، کە ماناکەی لەگەڵ ئەم وشەی ئێمە لە ئێستادا دەمانەوێت جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە.

(شار) لە روانگەی یۆنانییەکانەوە باری سیاسی و مەعنەویی هەیە و پێناسەی ئەو مرۆڤانە دەردەچێت کە تێیدا ژیاون. رەسەنێتی بۆ (شار) و تاک بەشێکە لە دەروونی شار. بەمانایەکی تر مرۆڤێتیی مرۆڤ لە هەناوی شاردا بەدی دێت و بە کرداری بوونی هەیە. دەبێت ئەوەش بڵێین، کە شارەکانی یۆنان شاری نیمچە سەربەخۆ بوون و خاوەنی یەکەی بەڕێوەبردنی سەربەخۆ بوون. بۆیە دەکرێت لێرەوە لە پێناسەی (شار)دا بڵێین: ئەو ناوچە جوگرافییەیە، کە بۆتە شوێنی نیشتەجێبوون و خۆژیاندنی مرۆڤەکان، بە رەنگ و رەگەز و تیرەو نەتەوەی جیاوازەوە و سەرجەمیان ملکەچی کۆمەڵێک یاسا و بڕیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریین و بەردەوام لە هەوڵی پەرەپێدان و گەشەپێکردنیدان لە سەرجەم بوارە جۆر بە جۆرەکاندا. هاوکات

قسەکردن لەسەر چەمکی (شار) یەکێکە لە پڕکێشەترین چەمکەکان، بەو پێیەی پەیوەستە بە تەفسیری کولتوورە جۆربەجۆرەکانەوە بۆ ئەم چەمکە. هەربۆیە (شار) وەکو چەمکێکی فرە رەهەند و فرە پێناسە دێتە ئەژمار، کە پێدەچێت ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بۆ پێناسەی ئەم چەمکە کۆمەڵناسان رای جیاوازیان هەیە و لە هەر قۆناغە و جۆرێک پێناسە خراوەتەڕوو



بەپێی رای شارەزایانی بواری کۆمەڵناسیی شار، (شار) ناوچەیەکی جوگرافییە کە تێیدا پێکهاتەی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی گەیشتووەتە قۆناغێک، کە دەتوانێت سیستمی بەرهەمهێنان، دابەشکردن، ئاڵوگۆڕکردن بخولقێنێت.

بێگومان لێرەدا دەکرێت ئاوڕ لە مێژووی شارە کوردییەکانیش بدەینەوە، بەڵام بەو پێیەی نووسینەکە تەرخان نییە بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی شار بە گشتی، بۆیە ئەو باسە لێرەدا جێی نابێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە شارە کوردییەکان لە بەرئەنجانی دەسەڵاتە سیاسییە لۆکاڵییەکانی میرە کوردەکانەوە دروست بوون و بە حوکمی ژێردەستەیی نەتەوەی کوردیش پێدەچێت هەندێک شاری کوردنیش لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانەوە دروست کرابن بە مەرامی سیاسی و ئابووری. لێرەدا پێم باش نییە لەوە زیاتر لەسەر چەمکی (شار) بوەستم.

## شار لە رۆمانی کوردیدا

من لەم بەشەدا نامەوێت (بە وردی) لەسەر چەمکی (شار) بوەستم لە رۆمانی کوردیدا، بەڵکو تەنها دەمەوێت ئاماژەیەکی تیژتێپەر بدەم بە بوون و ئامادەیی شار لە چەند تێکستێکی دیاری ئەدەبی گێڕانەوەی کوردیدا. ئەگەر بە سەرنجەوە سەیری سەرەتاکانی دەقی گێڕانەوەیی کوردی بکەین، بەتایبەت لەم بەشەی هەرێمی کوردستان، دەبینین لە هەر سێ چیرۆکی (لە خەوما، مەسەلەی ویژدان.. حکومەتە خەیاڵییەکە)دا شار ئامادەیی هەیە. بەو پێیەی ئەو تێمایانەی لەو چیرۆکانەدا بەرجەستەکراون و هەر یەکە لە (جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار جاف و زێوەر) پەنایان بۆ بردووە بەرجەستەکەری ژیانی شارستانیی کوردی بوون. هەرسێ نووسەریش کوڕی شار بوون و بەشێکی زۆر ژیانیان، یان هەموو ژیانیان هەر لە شاردا بەسەر بردووە، واتە دەتوانین بڵێین، چۆن لە ئەورووپا رۆمان بەرهەمی شارە، لە کوردستانیش لەگەڵ دروستبوونی شاردا ئەدەبی گێڕانەوەیی کوردی گەشەی کردووە.

رەنگە ئەمەی سەرەوە نموونەیەکی باش بێت بۆ بەکاربردن و ئامادەیی (شار) وەکو چەمکێکی دنیای مۆدێرن لە تێکستی گێڕانەوەیی کوردیدا. بەڵام لە پاش ئەم هەوڵانەی لە سەرەوە خرانەڕوو، (برایم ئەحمەد) لە رۆمانی (ژانی گەل)دا دیسان رووداوەکان لەنێو شاردا خولقاندووە و لەو رۆمانەدا روویەکی تری شار بەدەر دەکەوێت، کە بوونی جوڵەیەکی مەدەنییە لە شاردا دەردەکەوێت کە ئەو جوڵەیەش (خۆپیشاندان)ە. هاوکات لە پاش ئەو هەوڵەی (برایم ئەحمەد)ەوە یەکێکی تر لە تێکستە دیارەکانی نێو ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی، رۆمانی (شار)ی حسێن عارفە. ئەم رۆمانە هەر لە ناونیشانەکەیەوە ئەوە لای خوێنەر بەرجەستە دەکات، کە نووسەر رووداوەکانی لەنێو شارێکدا خولقانووە و باس لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی نێو شار دەکات، کە دواجار ئەم کێشانە رەنگدانەوەیان لەسەرە تاک دەبێت. هەربۆیە نووسەر بەشی هەرە زۆری رووداوەکانی ئەو رۆمانە و کاراکتەرەکانی لەنێو شاردا خولقاندووە و بەرکەوتەی ئەو کاراکتەرانەش زیاتر لەنێو شاردایە.

لە پاش راپەڕینیش یەکێک لە چیرۆکنووس و رۆمانووسە دیارەکان کە (شار) وەکو چەمکێکی

دیار ڕەنگدانەوەی هەیە لە تێکستەکانیدا (عەتا محەمەد)ە. ئەم نووسەرە بەشی هەرەزۆری ڕووداوە ئەفرێنراوەکانی نێو تێکستەکانی لەنێو شاری سلێمانی و چەندین شاری تردایە، کە دەتوانین نموونەی هەرە دیاری بەرهەمەکانی وەربگرین، کە ڕۆمانی (گێلاسی خوێن)ە. لەم ڕۆمانەدا شاری سلێمانی سەنتەری ڕووداوەکانە و دەتوانین بڵێین چەمکی شار لەم تێکستەدا ئامادەبوونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی هەیە، کە خوێنەر بەر شارێکی فرە ڕەهەند دەکەوێت، هەروەها لە هەردوو ڕۆمانی (خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا)ی «ماردین ئیبراهیم»یشدا شار ئامادەبوونێکی بەرجەستە و دیارە و سەنگی خۆی لەنێو ڕووداوە ئەفرێنراوەکانی تێکستەکەدا هەیە.

چەمکی شار لای (کاروان کاکەسوور و دوارۆژ کاروان) لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)دا زیاتر لە هەموو کارەکانی پێشوو دەکەوێتە بەر قسە لەسەرکردن و زیاتر ڕەنگدانەوەی لەنێو تێکستەکە و دنیابینیی کاراکتەرەکاندا هەیە. بۆیە لە بەشەکانی دواتردا بە وردی لەسەر بەکاربردنی ئەم چەمکە لای کاروان دەوەستم.

## سلێمانی، لە نێوان (شار) و (میتاشار)دا

پرسیاری سەرەکیی من لەم بەشەدا ئەوەیە کە ئایا سلێمانی (شار)ە یان (میتاشار)، ئەگەر شارە کامانەن ئەو تایبەتمەندییانەی سلێمانیی کردووەتە شار؟. ئایا بوونی خوێندنگە و مزگەوت و یانەی وەرزشی و کۆمەڵایەتی و بوونی سینەما و تەلاری بڵند، یان پاشخانی ڕۆشنبیری و مەعریفیی تاکەکانی و جوڵە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، سلێمانی دەکاتە شار؟ بەڵام ئایا سلێمانی شارە، یان (میتاشار)؟.

ڕەنگە لێرەدا پێویست بێت کەمێک ڕوونکردنەوە لەسەر چەمکی (میتاشار) بدەم. (میتاشار) ئەو شوێنەیە کە بەشی هەرە زۆری خەسڵەت و تایبەتمەنییەکانی شاری تێدا بێت، بەڵام سەرجەمیان نا و دانیشتوانەکەی لە تەواوکردن و پەیداکردنی ئەو خەسڵەتانەدابن.

نووسەرانی ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) لە لاپەڕە (١٢٩)دا بەتەواوی جیاوازی دەکەن لەنێوان شاری سلێمانی و هەولێردا و سلێمانی بە شارێکی ناتەواو و هەولێر بە شارێکی تەواو دەچوێنن، کە دەنووسن:

«شاری سلێمانی تەواو نەبووە.. خەڵکەکەی بەردەوامن لە تەواوکردنی.. لە کاتێکدا هەولێر شارێکی تەواوە و پێویستی بە هیچی دی نییە». بەم پێیە (هەولێر) شارە و (سلێمانی) هێشتا میتاشارە. من تا ئاستێکی زۆر لەگەڵ ئەوەدام کە سلێمانی (میتاشار)ە و نووسەران هەرخۆیان لە هەمان لاپەڕەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەولێرییەکان ئەوەندە لەوە دڵنیان، کە شارەکەیان شارێکی زۆر کۆنە و مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، لە خۆشییان نووستوون. بەڵام سلێمانییەکان دڵیان پڕە لە ترس و نیگەرانی بەوەی هەموو دەوروبەر دەزانن دوو سەدە نابێت هەیە و خەڵکێکی تێکەڵ دایان مەزراندووە.

ئەگەر وردبوونەوەیەکی کۆمەڵناسانە بۆ ئەم بۆچوونانە بکەین، پێدەچێت بەشێکی زۆری ئەو پێشکەوتن و جوڵە بەردەوامەی لە سلێمانیدا

چەمکی شار
لای (کاروان
کاکەسوور و
دوارۆژ کاروان)
لە ڕۆمانی
(سوارەکان بە
قاچاغ بووکیان
گواستەوە)دا
زیاتر لە هەموو
کارەکانی
پێشوو
دەکەوێتە
بەر قسە
لەسەرکردن
و زیاتر
ڕەنگدانەوەی
لەنێو
تێکستەکە
و دنیابینیی
کاراکتەرەکاندا
هەیە



هەیە بەشی هەرە زۆری پەیوەندیی بەو هەستی بە (میتاشار) بوونەیەوە هەبێت لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە. هەر بۆیە بەردەوامن لەوەی (وەک کاروان و دوارۆژ دەڵێن) شارەکەیان دروست بکەن و گەشەی پێ بدەن. بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا (هەولێر) وەکو شارێکی بێدەنگ و زۆرجار وەستاو دەربکەوێت و تەنها شانازی بەو مێژووە کۆنەوە بکات، کە هەیەتی. هەربۆیە دەکرێت ئەم بۆچوونانە تەفسیری ئەوە هەڵبگرێت کە بێدەنگیی (هەولێر) لە ئاستی رووداوە هەنووکەییەکاندا و نەبوونی، یان لاوازیی جوڵەی سیاسی لەو شارەدا لەم رەهەندەوە سەرچاوەی گرتبێت.

لایەنێکی تر لەم رۆمانەدا ئاوڕی لێدراوەتەوە لەگەڵ خستنەڕووی ئەم جیاوازییانەدا هاوکات چەند جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی و لایەنی فەرهەنگی سلێمانیش خراوەتەڕوو، کە خۆی لە لایەنی بچووک، بەڵام گرنگی تایبەتمەندی تاکی سلێمانیدا دەبینێتەوە. لە لاپەڕە ١٢٨دا هاتووە:

«ئەمە راستییە و نابێت نکۆڵی لێ بکەین.. ئەگەر هەموو هەولێر بەریتە ئەو سلێمانییە، ئەوا دوای چەند مانگێک تێکڕایان دەبنە سلێمانی، بەڵام یەک سلێمانی لەناو هەولێر بەسە، تا هەموو دەوروبەرەکەی بگۆڕێت.»

«سلێمانییەکان کاتێ دەچنە هەر شوێنێک، شارەکەیان چەشتی خاولی قەد دەکەن و دەیخەنە جانتاوە، بۆیە لە هەر کوێیەک بن، وا دەزانن لە شاری خۆیانن و وەکو میوان لە خەڵکەکەی دەڕوانن.. سەیر ئەوەیە هەولێرییەکان لەبەرچاوی یەکتر شەرم دەکەن وەک سلێمانییان بدوێن، نەوەکا پێیان بڵێن خۆیان هەڵدەکێشن، ئەمە مانای ئەوەیە کە هەولێرییەکان پێیان وایە (زمان!!)ی سلێمانی پیرۆزە...».

بێگومان هەموو شارێک خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جۆراوجۆری خۆیەتی و لام وایە ئەم بەراوردکردنەی نووسەرانیش لەم رۆمانەدا زیاتر بۆ ئەوەیە تا ئەو تایبەتمەندییانە بخەنەڕوو. چونکە هەرگیز دوو شاری دنیا نییە بەتەواوی لەیەک بچن، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە ئەوەیە ئەو جیاوازییانەی نێوان هەولێر و سلێمانی لەگەڵ ئەوەی دوو شاری زۆر لەیەک نزیکن و بە یەک زمان ئەدوێن، بەڵام جیاوازییەکان سەیر و مایەی تێڕامانن. بەو پێیەی جیاوازییەکە لەسەر ئاستی کولتووری و مەعریفی و بەشێکی پەیوەندیی بەو کەشوهەوایەوە هەیە کە بە درێژایی مێژوو ئەو شارە تێیدا ژیاوە، بۆیە وەکو نەریت و کولتووری ئەو شارە نەخشی لەسەر تاک بە تاکی مرۆڤی هەولێری بەجێهێشتووە. هاوکات ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی لە سلێمانیدا هەبووە و تا ئێستاش درێژبووەتەوە، رەنگدانەوەی لەسەر ئاکار و بیرکردنەوەی تاکەکانی ئەم شارە هەبووە، بۆیە رەنگە منیش هاوبۆچوونم لەگەڵ نووسەرانی ئەم رۆمانە بەوەی سلێمانی تا ئێستاش تەواو نەبووە و هەر لە قۆناغی (میتاشار)یدایە. بۆیە بەردەوام خاوەنی جوڵەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە و شارێکی وەستاو نییە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم شارە.

## خەونی دروستکردنی شار

لەم رۆمانەی (کاروان و دوارۆژ)دا بە وردی ئاماژە بە بوونی شاری سلێمانی و پێگەی سلێمانی کراوە و ئەو جیاوازی و تایبەتمەندییانەی ئەم شارە

لەگەڵ شارەکانی تری کوردستان هەیەتی، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە یەکێک لە تێماکانی نێو ڕۆمانەکە بە پێویستم زانی بە کورتی لە مێژووی دروستبوونی سلێمانی بدوێم.

سەرەتا گرنگە بگەڕێینەوە بۆ دروستبوونی شاری سلێمانی، کە تەمەنی دوو سەد تێدەپەڕێنێت. ئەم شارە لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە دروست دەکرێت و دەکرێتە پایتەختی میرنشینی بابان. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شارە ئەوەیە کە سلێمانی لەو شارە کوردییانەیە، کە کورد خۆی بونیادی ناوە و تەنها لە فراوانبوونی چەند گوند و خێڵێکەوە دروست نەبووە، بەڵکو بونیادنەرانی سلێمانی خەونی دروستکردنی شاریان هەبووە بە مانا مۆدێرنەکەی. هەر بۆیە بابانەکان پایتەختی میرنشینەکەیان لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ سلێمانی و ئەم شارەیان لە سەرجەم دانیشتوانی دەوروبەری سلێمانی و ئەم چەند گوندە نزیکەی ناوەندی ئێستای سلێمانی دروستکرد، بۆیە ئەگەر تا ئێستاش سلێمانی وەکو (شار) سەیر نەکرێت، کە من تا ئێستا گومانم لە بە (شار)بوونی سلێمانی هەیە، ئەوا ناکرێت ئەوەمان لەبەرچاو نەبێت، کە بونیادنەرانی ئەم شارە خەونی دروستکردنی (شار) یان هەبووە. ڕەنگە ئەمە گەورەترین دەستکەوت بێت بۆ کورد خۆی، وەکو نەتەوەیەک کە خەونی دروستکردنی شاری هەبووبێت. هەربۆیە ئەم شارە لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لە شارەکانی تری کوردستان، هەر لە ڕووە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە تا بەو بزاوتە سیاسی و جوڵە ڕۆشنبیرییەی لەم شارەدا بوونی هەیە دەگات و تا ئێستاش درێژ دەبێتەوە.

بەگشتی ئەگەر سلێمانی پێناسەی کۆمەڵناسان شارێکی کامڵ (تەواو) نەبێت، یان وەکو (کاروان و دواڕۆژ) لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ دەکەن دەنووسن: «شاری سلێمانی تەواو نەبووە.. خەڵکەکەی بەردەوامن لە تەواوکردنی..»، لەم قسەیەی هەردوو نووسەرەوە چەمکی (میتاشار) دەردەکەوێت، بەشێوەیەک دەبینین سلێمانی شارێکە دانیشتوانەکەی بەردەوامن لە دروستکردنی و دەیانەوێت بونیادی بنێت و هێشتا لە قۆناغی میتا شاریدایە، هەربۆیە دەکرێت بڵێین نەوەکانی ئێستاش هەمان ئەو خەونەیان هەیە کە بونیادنەرانی سلێمانی هەیان بووە، ئەویش خەونی دروستکردنی شارێکی کوردییە. شارێک کورد خۆی یەکەم بەردی بناغەکەی دانابێت و هەر خۆیشی تا ئەبەد بەردەوامی بە دروستکردن و گەشەسەندن و پەرەپێدانی بدات، تا ئەم شارە ببێتە شارێک کە مۆری کوردان بە هەموو کوچە و کۆڵانەکانییەوە هەبێت و بەبێ سڵەمینەوە لای هەموو نەتەوەکان باسی بکەن.

بەکورتی ئەگەر سلێمانی تا ئێستا هەر لە قۆناغی میتاشاریدا بێت، ئەوا بێگومان نەوەکانی بەردەوام خەونی بە (شار)کردنیان هەیە و ئەو خەونە دوو سەدە زیاترە لەگەڵ نەوەکانی سلێمانیدا دەژی.

## بەر لە کۆتایی

(هێنری جەیمس) لە وتارێکی بەناوبانگیدا گوزارشتێکی جوانی هەیە، من حەز دەکەم لێرەدا وەک خۆی بینووسمەوە، کە دەڵێت:

«ڕۆمان بوونەوەرێکی زیندووە، کە وەکو هەر بوونەوەرێکی تر یەک پەیکەری پێکەوە لکاوی هەیە

ئەگەر سلێمانی پێناسەی کۆمەڵناسان شارێکی کامڵ (تەواو) نەبێت، یان وەکو (کاروان و دواڕۆژ) لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ دەکەن دەنووسن: «شاری سلێمانی تەواو نەبووە.. خەڵکەکەی بەردەوامن لە تەواوکردنی..»، لەم قسەیەی هەردوو نووسەرەوە چەمکی (میتاشار) دەردەکەوێت، بەشێوەیەک دەبینین سلێمانی شارێکە دانیشتوانەکەی بەردەوامن لە دروستکردنی و دەیانەوێت بونیادی بنێت و هێشتا لە قۆناغی میتا شاریدایە



و هەرچەندە زیاتر لە تەمەنی بگوزەرێت، زیاتر ئاشکرا دەبێ، کە لە هەر بەشێکیدا نیشانەیەک لە تەواوی بەشەکانی دیکەدا هەیە.»

لەم قسەیەی (جەیمس)ەوە دەمەوێت باس لە یەکێک لە سیما تایبەتییەکانی نووسینەکانی کاروان بکەم کە (درێژنووسی)یە، یان بە گوزاریشتەکەی جەیمس (یەک پەیکەری پێکەوە لکاو نییە) بەڵکو زۆرجار تێکستەکانی فرە پەیکەر و فرە رووداون، کە ئەم درێژنووسییە زۆرجار بووەتە هۆی زیان گەیاندن بە تێکستەکانی (کاروان) و هاوکات کەم خوێندنەوەشی. بەو پێیەی لە زۆرێک لە نووسینەکانیدا زیاد لە تێمایەک و زیاد لە رووداوێک ئامادەییان هەیە و ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی (سەرلێشێوانی خوێنەر) کە دواجار بە زیانی تێکستەکانی کاروان دەشکێتەوە، بەڵام ئەم حاڵەتە کەمتر لەم رۆمانەدا هەستی پێدەکرا و ئەگەرچی لە هەندێک شوێندا خوێنەر هەست بە بوونی رستە و پەرەگرافی زیادە دەکات، بەڵام بەو شێوەیەی کارەکانی تری نییە.

بە گشتی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) یەکێکە لەو رۆمانانە، کە دەکرێت خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت بەتایبەت لە رووی تەکنیکی نووسینەوە، کە لام وایە لە رووی تەکنیکییەوە دەکرێت شرۆڤەی زیاتر دەقەکە بکرێت، بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینەی من لێرەدا کۆتایی دێت.

**سوود لەم سەرچاوەکان وەرگیراوە:**

*کاروان عومەر کاکەسوور و دوارۆژ کاروان کاکەسوور، (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی ٢٠٠٩.

*سەید محەمەد خاتەمی، لە دنیای شارەوە تا شاری دنیا، وەرگێڕانی: مەلا رەشاد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری نما، هەولێر ٢٠٠٦.

*فەریدە مومتاز، کۆمەڵناسی شار، وەرگێڕانی: کەریم قادرپوور و عوزەیر عوسمان، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک) سلێمانی ٢٠٠٧.

*کۆمەڵێک نووسەر، تیۆری رۆمان، وەرگێڕانی: محەمەد کەریم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی (٢٠٠٣).

